## ڕونكردنەوەیەك  پێویست لەسەر داواكردنی چاوپێكەوتنی نوێنەری وزارەتی داد لەگەڵ ئەو كەسایەتییانەی ناوییان هاتبوو :_

وزارەتی داد  دەیەوێت لەگەڵ هەر یەكێك لەو كەسایەتییانە دانیشتن ساز بكات  بەگوێرەی مەوقعییەتی كارییان لە سەردەمی ڕودانی كارەساتی هەڵەبجەو كیمیابارانەكان  , وە زانیاریەكانی ئەوان زۆر بەكەڵك دەبێت بۆ سەرخستنی دادگاییەكە و بە فەرمی ناسینی جینۆسایدكردنی كورد لە ئایندەدا  , لەو بەڕێزانە :-

-بەڕێز حامیدی حاجی غالی وەك فەرمانددەی هێزی پێشمەرگەو شاهید حاڵی كارەساتی هەڵەبجە  .

-بەڕێز شەوكەت حاجی مشیر وەك فەرماندەی هێزی پێشمەرگەو شاهید حاڵی كارەساتی هەڵەبجە (وزارەت زانیاری لەسەر شەهید بوونی نەبووە).

بەلاّم ئەو كەسایەتییانەی سەربەڕژێمن و لە بانگەوازەكە ناوییان هاتووە وەك بەشێك لە دەزگاكانی ڕژێمی ڕوخاو چاوپێكەوتنییان لەگەڵ دەكرێت و بۆ دان نانە بە تاوانەكە .ئەو بەڕێزانەی دیكەش شاهیدی سڤیلن و بۆ خۆیان قوربانی كارەساتەكەن , قسەو باسی ئەوانیش زۆر بەكەڵك دەبێت بۆ بە فەرمی تاوانەكان  .

**لە كۆتاییدا داوای لێبوردن دەكەین لەوەی بانگەوازی ڕابردومان ناڕونی تێدا هەبوبێت لە شێوەی دەربڕیندا  .**

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی كورد -چاك**

**2005-5-18**

---

## وزارەتی دادی هۆڵەندی داواكارە لەگەڵ ئەم بەڕێزانە لە درێژەی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات چاوپێكەوتن ساز بكات

بۆ سەرخستنی پرۆسەی دادگایی فرانسڤان ئەنرات , پێویستە هەموو لایەك هاوكاری دەزگا بەرپرسەكانی هۆڵەندی بكەین , كە لێكۆڵینەوەیەكی هەمە لایەنە لە تاوانەكانی ڕژێمی پێشوو ئەنجامە دەن .

لە ماوەی ڕابردوودا وەفدی ناوبراو توانی لە شاری سەردەشت بە سەركەوتووانە دانیشتنەكانی ئەنجام بدات و زانیاری بە كەڵك لەسەر تاوانی رژێمی پێشوو بەرامبەر خەڵكی ئەم شارە كۆبكاتەوە  , ئێستا وزارەتی دادی هۆڵەندی  دەیەوێت لەگەڵ ئەم بەڕێز و كەسایەتییانە چاو پێكەوتن بكات :

- بەڕێز حامیدی حاجی غالی فەرماندەی پێشمەرگە .
- حمید علوان الجبوری دیپلۆماسی عێراقی.
- خالید سعید عزیز الجنابی  نیگابان لەموخابەراتی عێراقی .
- بارزان تکریتی برای سەدام .
- جودت مصتەفا نەقیب , ژەنەرال لە سوپای عێراق .
- ماهیر عەلی سوڵتان .
- بەڕێز شوکت حاجی مشیر (شەهید بووە).
- بەڕێز ئاراز جەلال ساڵح .
- شایەد و زیندانی لەم شوێنانەی خوارەوە :-
- ئازاد بوو لە سەربازگاکانی (تۆپزاوە-تکریت-دوبس-نیگرە سەلمان).
- لە ئەنفال یان ئیعدامی بە کۆمەڵ ڕزگار بوبێت ( بۆ ئەمە داواکارین کاک عەزیز وهاب عەلی لە هەر کوێیەکە لە ئەمەریکا پەیوەندیمان پێەی بکات - یان هەر کەسێکی کە  ).
- ڕزگار بوو لە ئۆردوگای قۆرەتوو .
- داواکارین مەڵبەندی ینك لە موسڵ پەیوەندی بکەن , چەند جار وزارەت پەیوەندی پێیانەوە کردووە وەڵامییان نەداوەتەوە .

## تکایە پەیوەندی بەم ئیمەیل و تەلەفۆنەی خوارەوە بکەن .


## khadir8@yahoo.com

## تیلی سەرەکی:0031647812652

## 0031626946619

## www.chak.info


## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد-چاك